## کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ

# لەیادی 15 ساڵەی کۆچی دوایی بیرمەند «مەسعود محەممەد» دا



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

### مەسعود محەممەد:

نووسەر و بیرمەندی کورد و کەسایەتیی ناسراوی کوردستان مامۆستا" مەسعود محەممەد"ی جەلیزادە، ساڵی 1919 لە شاری کۆیە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و وێژەیی زانستپەروەر لەدایکبووە و کوڕی مەلای گەورەی کۆیەیە. ساڵی 1926 لە کۆیە دەستی بەخوێندن کردووە و قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر لە ساڵی 1940 تەواو کردووە و ساڵی 1945یش خوێندنی کۆلیژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە. لە خوێندنی کۆلیژی ماف هاوپۆل و دۆستی دڵداری شاعیر بووە و بەیەکەوە زۆربەی ئێواران سەردانی ساڵۆنی وێژەیی خاتوو ( بەهیە فەرەجوڵلا) ی کچە کوردی میسرییان لە گەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا کردووە کە ئەوکات بەهیە مامۆستای کۆلێژ بووە لەبەغدا. لەو ماڵەدا بەردەوام کۆڕی فەلسەفی و هزری دەبەسترا. مامۆستا مەسعود لەوساوە بیری کەوتووەتە سەر فەلسەفە و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

### ژیانی سیاسیی مەسعود محەممەد:

مەسعود محەممەد لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گەلێک ئەرکی بینیوە وەک، نوێنەری خەڵکی ناوچەی کۆیە لە پەرلەمانی عێراق لە هەردوو خولی ساڵانی 1953 و 1954 و لەدوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958یش کرا بە ئەندامی لیژنەی چاکسازیی کشتوکاڵ لە عێراق و لەگەڵ چەند یاساناسێکی دیکەدا یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ و ئاودێرییان دانا. ساڵی 1964 بەناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کرا بە وەزیر لە کابینەی (تاهیر یەحیا) دا تاکو ساڵی 1965 و لەدوا دوای شەستەکانی سەدەی رابردووشدا کرا بە ئەندام لە (ئەنجوومەنی گشتیی خزمەت) و لەپاش دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد لە ساڵی1970دا لەشاری بەغدا، کرا بەئەندامی کارای کۆڕی زانیاری و بە جێگری سەرۆکی دەستەی کۆڕ دەستنیشان کرا. لەدوای راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان لە ساڵی 1991و کێشانەوەی دەسەڵاتی مەرکەزیی عێراق لە کوردستان، گەڕایەوە کوردستان تاوەکو رۆژی 1/4/2002 لە نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

### کاری رووناکبیریی مەسعود محەممەد:

مامۆستا مەسعود محەممەد بیرمەندێکی گەورەی کورد و رووناکبیرێکی مەزنی کوردستان بوو، سەرچاوەکانی فەلسەفەی هێگڵ و مارکسی بە وردی خوێندبووە و لەگەڵ باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان بەراوردی دەکرد و لەگەڵ هەندێ لایەنی پۆزەتیڤ و لەدژی هەندێ لایەنی نێگەتیڤی بوو. هەروەها شێوازێکی تایبەتی هەبوو لە نووسیندا کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زانستیدا نەدەگونجا، وەک ئەوەی زۆر گوێی بە پۆلێنکردنی بابەتی نووسینەکانی نەدەدا، ناونیشانی سەرەکی و سەردێڕ لاوەکی بەسەر یەکەوە پێشکەش دەکردن و باکی نەبوو گەر پتر لەسەد لاپەڕە لە نووسینەکانی لەژێر یەک ناونیشان یاخود بێ ناونیشان بخاتە بەردەم خوێنەر.

مەسعود محەممەد زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی بەپێزی لە دووتوێی پەرتووکی قەبارە گەورەدا بەچاپ گەیاندووە کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکیانن:

### پەرتووکە کوردییەکانی مەسعود محەممەد:

حاجی قادری کۆیی بەشی یەکەم- بەغدا - کۆڕی زانیاریی کورد-1973 حاجی قادری کۆیی- بەشی دووەم- بەغدا- کۆڕی زانیاریی کورد-1974 حاجی قادری کۆیی- بەشی سێیەم- بەغدا- کۆڕی زانیاریی کورد 1976 - وردبوونەوەیەک لە چەند باسێکی رێزمانی کوردی - کۆڕی زانیاریی کورد 1974 - چەپکێک لە گوڵزاری نالی- کۆڕی زانیاریی کورد بەغدا-1976 چەند حەشارگەیەکی رێزمانی کوردی- بەغدا- کۆڕی زانیاریی کورد-1976 مرۆڤ و دەوروبەر- بەغدا- کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد -1984 بەرەو شەقامی ئاخاوتنی کوردی - بەغدا - کۆڕی زانیاریی کورد -1978- زاراوەسازیی پێوانە- وەشانی یەکەم: گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ- بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەک بێت! دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی-1984 حەماغای گەورە - بەغدا-1986 دەستەو دامانی نالی- سوێد - ستۆکهۆڵم- 1997 چاپی یەکەم- گەشتی ژیانم- سوێد- ستۆکهۆڵم- 1992 چاپی یەکەم ، کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ

### پەرتووکە عەرەبییەکانی مەسعود محەممەد:

اعاده التوازن الى ميزان مختل - المجمع العلمي الكردي - بغداد -1977 الى غورباتشوف العظيم- لسان الكرد - التفسير البشرى للتأريخ- المجتمع البشرى لماذا يشبه مستشفى المجانين - اربيل 1999 .

# رۆمانی "وێرانە پیاو" بڵاوبووەوە

## رۆمانێک بۆ گێڕانەوەی حاڵی پەنابەران لە بێ نیشتمانیدا

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

رۆمانی (وێرانەپیاو) ی عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن لە دەزگای سەردەم بڵاوبووەوە. رۆمانی وێرانەپیاو دەکرێت بڵێین درێژکراوەی رۆمانی "وەرزی کۆچ بەرەو باکوور"ی تەیب ساڵحە و بەدیدێکی دیکە وەڵامی پرسیارەکانی کۆچبەران دەداتەوە و باس لە کۆژانەکانی کۆچبەری نایاسایی و هاوولاتیی دانپێدانەنراو دەکات بە هاوولاتیبوونی لەسەر زەوییەک کە زەویی خۆی نییە. جوانترین گێڕانەوەکانی لە بەسەرهاتی پەراوێزخراواندا هۆنیوەتەوە و ریالیزمی ئەفسووناوی لە ناوجەرگەی واقیعی سوودانییەوە هەڵهێنجاوە، ئەمجاریان هاوشان لەگەڵ کۆچبەرێکدا دەردەچێتە دەرەوەی سنووری نیشتمان، ناوەوەی سنووری مرۆڤ. ئەمەش بە ئیلهاموەرگرتن لە "وێرانەخاک"ی ئیلیەتی شاعیر و شانۆنامەنووسی ئینگلیز.

ئەم رۆمانە داماڵینی تاکی عەرەبییە کە وا نیشاندەدات گونجاوە و ئەم رۆشنبیری و کولتووره قبووڵ دەکات، بەڵام لە ناخیدا دووره لەوەی گوزەرانی دەکات، لەگەڵیدا هەڵناکات و تەواو پێی ناکۆکە، تێکەڵبوون هەر ئەوە نییە زمانیان فێربی و پابەندی یاساکانی دەوڵەت بیت، بەڵکو دەبێت کەسی پەناهەندە بێ هیچ ئاوارتەیەک قبووڵی کولتوور و دابونەریتیشیان بکات.

رۆمانەکە وێنەی کابرایەک دەکێشێت چۆن وێرانیی رووی تێدەکات و دەیگرێتەوە. بگرە خۆی دەبێتە وێرانە و بەدوو پێیان رێدەکات، هێند لەبەردڵان گران و قورسە کەس بەرگەی ناگرێت. ئەویش دەروێشی سوودانی میسرییە، لە هەر هەنگاوێکیدا ململانێی ناسنامە لەگەڵیدایە، ململانێی نێوان رابردووی تەماوی و ئێستای شپرزە و شڵەژاو، لەنێوان بۆماوە و




وەرگیراو، نێوان خەون و بینین و مۆتەکە. نێوان وێنەی خود و ڕەنگدانەوەکانی لە چاوی ئەوانی ترەوە.

بەرەکە ساکن، ساڵی 1963 لە شاری کەسلای سوودان لەدایک بووە، لە نەتەوەیەکی ئەفریقییە بەناوی مەسالیت کە لە رۆژئاوای سوودان دەژین، زمانەکەشیان مەسالیتییە و پتر لە پێنج ملیۆن کەس پێی دەدوێن. خوێندنی زانکۆی لە میسر تەواو کردووە. لە زانکۆی ئەسیوت بەڕێوەبەری کارگێڕیی خوێندووە و ئێستاش لە نەمسا دەژێت. ساڵانی 1993 تاکو 2000 مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە، دواتر چەندین پلە و پایەی وەرگرتووە، وەک: راوێژکاری مافی منداڵان لە یونیسیف لە دارفۆر، ئینجا بەڕێوەبەری پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی سندووقی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی سەر بەبانکی نیلی شین، تاکو بەیەکجاری بۆ نووسین تەرخان بوو، ئەمەش بە" کاری جادووگەر" دەزانێت.

وێڕای بەچاپگەیاندنی چوار کۆمەڵە چیرۆک و نۆ رۆمان، لە گەلێک وەرزنامە و گۆڤار و رۆژنامەدا نووسینی بڵاوکردووەتەوە.

رۆمانی "جەنگۆ مێخەکانی زەوی" ساڵی 2009 خەڵاتی ئەلتەیب ساڵحی پێ بەخشرا، بەماوەیەکی کەم دوای ئەوە، لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی سوودانەوە ئەو رۆمانەی قەدەغە کرا، بەر لەوەش کۆمەڵە چیرۆکی "ئافرەتێک لە کەمبۆکدیس" ساڵی 2005 دەستی بەسەردا گیرا. دوای ئەوە دەسەڵاتدارانی سوودان کتێبەکانیان لە بەشداریکردن لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە خەرتوم قەدەغە کرد.

ساڵی 2013 پەیمانگەی باڵای هونەر لە شاری سالفدن لە نەمسا رۆمانی "مخیلە خندریس- یادگەی مەیی زۆرماوە" کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، خستە ناو میتۆدی خوێندنەوە. رۆمانی وێرانەپیاو یەکێک لە هەڵبژێردراوانی ساڵی 2016 بوو بۆ خەڵاتی پووکەری عەرەبی و ئەو رۆمانە لەلایەن نووسەر و وەرگێڕی کورد" سەباح ئیسماعیل" کراوە بە کوردی.



## دوازدەهەمین پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر

# 300 دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە بەرهەمەکانیان دەخەنەڕوو

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بڕیارە رۆژی چوارشەممە 5 ی نیسانی 2017، لە شاری هەولێر دوازدەهەمین پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب بەڕێوەبچێت کە ماوەی 10 رۆژ دەخایەنێت و تێیدا هەزاران ناونیشانی کتێب بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی و تورکی دەخرێنە بەردەست و چەندین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەش بەشداریی تێدا دەکەن. لە 12هەمین پێشانگەی نێودەڵەتیی کتێب لە هەولێر 300 دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئەورووپاوە بەشدار دەبن و نێوەڕۆکی کتێبەکانیش بریتی دەبن لە: زانست، ئەدەب، هونەر، تەکنەلۆژیا، ئایین، مێژوو، جوگرافیا، زمان، فەرهەنگ و تەندروستی و سیاسی.

لەگەڵ کردنەوەی پێشانگەی کتێب لە هەولێر، چەندین نووسەر و رۆژنامەنووس و رۆشنبیر بە فەرمی داوەتی پێشانگەکە کراون و لە پەراوێزی پێشانگەکەدا چەندین کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و زانستی لەبارەی کتێب و خوێنەر و شانۆ بەڕێوەدەچن.

بەپێی زانیارییەکانی ئەدەب و کولتووری رووداو چەند نووسەر و رەخنەگرێکی عەرەب داوەتی پێشانگەکە کراون، لەوانەش دوو نووسەری دیاری کوێتی، سعود ئەلسەنعووسی و بوسینا ئەلعیسا.

# چەمکی ئایدیۆلۆژیا لای باختین



■ حەمە مەنتک



ئایدیۆلۆجیا چەمکێکی فراوان و قووڵە، ڕیشەکەی بۆ فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە گەشەی بەخۆی داوە. ئەم چەمکە خۆی خزاندووەتە ناو زۆربەی بوارە مەعریفییەکانی وەکوو: فەلسەفە، کۆمەڵناسی، ڕەخنەی ئەدەبی و سیاسەت و... تاد. ئەم چەمکە سروشتێکی کێویانەی هەیە، زوو خۆی بەدەستەوە نادات، ئەویش بەهۆی گرینگیەکەی لە گواستنەوەی بیری نێوان تاکەکان، چونکە تاکەکان لە بیرکردنەوە و تێڕوانیان بۆ ژیان جوایەزن. زاراوەی ئایدیۆلۆجیا "وشەیەکی یۆنانییە لە دوو بەش پێکدێ، بەشی یەکەم ئایدیا Idea بە واتەی بیر و بەشی دووەم logos بە واتەی زانست دێت، وەرگێڕانە وشەییەکی دەبێتە زانستی بیرەکان" (1). کەواتە ئایدیۆلۆجیا ڕاستەوخۆ پێوەندی بە تاکەکانەوە هەیە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا لەبارەیەوە بپەیڤم، بوونی ئەم چەمکەیە لای تیۆریزان و ڕەخنەگر (میخائیل باختین). ئاشکرایە ئەم ڕەخنەگرە لەبارەی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکییەوە کاری کردووە. لەوێوە کۆمەڵێ بۆچوونی تازەی هێنایە ناو بواری لێکۆڵینەوە لە ژانری ڕۆماندا. بەتایبەتی لە هەردوو کتێبەکەی: مارکسیەت و فەلسەفەی زمان- 1929، شیعرییەتی دۆستۆیڤسکی- 1929. بە بڕوای من کەس هێندەی ئەم ڕەخنەگرە بە قووڵی، پێوەندیی ئایدیۆلۆجیا و ڕۆمان بەگشتی و کارەکتەری ناو ڕۆمانی بەتایبەتی، بەرباس نەداوە.

لای باختین ئایدیۆلۆجیا لە چوارچێوەی ئاخاوتنی کارەکتەرەکاندا خۆی دەردەخات، ئەویش کاتێک بیری کارەکتەرەکان لە کاتی دیالۆگدا بەریەک دەکەون. لێرەدا فرەیی بیرەکان دەبێتە نیشانەی بەردەوامیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە گشتی و هۆشیاریی تاک بەتایبەتی. لە ڕۆماندا ئایدیۆلۆجیاکان بەهۆی بوونی ئازادی و دیالۆگ خۆیان پێشکەش دەکەن. دەمەوێ بڵێم بەهۆی فرەیی لە ئایدیۆلۆجیاکاندا، تاکە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆجی لە ڕەوتی گێڕانەوەدا نابێت، بەڵکوو هەر کارەکتەرە ئایدیۆلۆجیای خۆی پێشکەش دەکات. لێرەدا چەمکی نیشانەی زمان لەگەڵ چەمکی نیشانەی ئایدیۆلۆجیا یەکسان دەبن، واتە زمان دەبێتە نەسەقێکی تێکەڵاو.. ئایدیۆلۆجیا زمانێکە، ئەزموونێکی ئاخاوتنییە بۆ ئاگایی تاک، لە مەیدانی دیالۆگدا بەریەک دەکەون، ڕێیان پێدەدرێت بەردەوام پێشبکەون بە گوێرەی بارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. باختین بۆ ئەمە دەڵێت: "هەموو کارەکتەرێک لەنێو جیهانە ئایدیۆلۆجییەکەیدا دەژی و کار دەکات" (2). واتە هەموو کارەکتەرێک ڕێی پێدەدرێت چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە، لە چوارچێوەی چیرۆکەکەیدا ئایدیۆلۆجیاکەی خۆی دەردەبڕێت.

باختین لە کتێبی (مارکسییەت و فەلسەفەی زمان)دا، پێوەندیی نێوان زمان و ئایدیۆلۆجیا بە پێوەندیی دەق دادەنێت. زمان بەوەی کۆمەڵێ دەلالەتە، ئەرکی گەیاندنی بیرکردنەوەکانە، بەوەی ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات. کارکتەرەکانی ناو ڕۆمان لەڕێی پەیڤەکانیانەوە، گوزارشت لە بیرکردنەوەکانیان دەکەن، ئاستی کۆمەڵایەتی خۆیان کەشف دەکەن، تەنانەت خوێنەر دەزانێت ئەم کارەکتەرە لە چ چینێکی ناو کۆمەڵە. بەمەیش زمان دەبێتە یەکێک لەو ڕێیانەی ئایدیۆلۆجیا گوزارشتی پێ لە خۆی دەکات. لەم بارەیەوە باختین دەڵێت: "ناتوانین ڕاڤەیەکی قووڵ بۆ وشە وەکوو دەلالەتێکی کۆمەڵایەتی بکەین، مەگەر کاتێ وەکوو ئامرازێکی هۆشیاری بەکاردێت. بەمەیش وشە بەم ڕۆڵەی وەکوو ئامرازێکی هۆشیاری دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکیی بۆ داهێنانی هەموو ئایدیۆلۆجیایەک" (3).

ئەم ڕەخنەگرە گرینگیی زۆر بە زمان دەدات، بەتایبەت، کە وەکوو کەشفکەری ئایدیۆلۆجیا دەردەکەوێت، لە چوارچێوەی کاری ئاخاوتندا خۆی نمایش دەکات.

کەواتە مادام کارەکتەرەکان لەڕێی دیالۆگەوە ئایدیۆلۆجیا و چیرۆکی خۆیان پێشکەش دەکەن، لای "باختین" بونیادی ڕۆمان دیالۆگەکەیەتی، لە دیالۆگەکاندا ئایدیۆلۆجیاکان بەریەک دەکەون. کەواتە ئایدیۆلۆجیاکان وەکوو پێکهاتەیەکی هونەری خۆیان دەخزێننە ناو جیهانی دەقی ڕۆمانەوە. لێرەوە دژیەکی لە بەریەککەوتنی ئایدیۆلۆجیاکاندا ڕوودەدات، بەمەیش واتا بەرهەم دێت. ئەم ڕەخنەگرە ڕۆمان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات: ڕۆمانی فرەدەنگ (دیالۆگی) و ڕۆمانی تاکدەنگ (مەنەلۆگی). ڕۆمانی فرەدەنگ "ئەو گێڕانەوە فرە کارەکتەرەیە کە لە دیالۆگدان و فرەگۆشەنیگایە. تێڕوانینی ئایدیۆلۆجیای جیاوازی تێدایە" (4). لەم جۆرە ڕۆمانەدا دیالۆگ ئامادەییەکی هەمیشەیی هەیە. لێرەدا هیچ ئایدیۆلۆجیایەک خۆی بەسەر ئایدیۆلۆجیایەکی دیکەدا ناسەپێنێت، هاوکات هیچ ئایدیۆلۆجیایەک خوێنەر ئاراستە ناکات، چونکە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی درامی بەرەو پێشەوە دەچن، ئەمەیش دەروازە بە ڕووی کۆی ئایدیۆلۆجیاکاندا دەکاتەوە کە وەکوو شێوازێکی هۆشیاریی جوایەز خۆیان دەرخەن. لێرەدایە فرەیی لە زمان و شێوازدا دێتە بوون. هەرچی ڕۆمانی تاکدەنگە، یەک دەنگ، یەک بیر تێیدا زاڵە، دەسەڵاتی بەسەر کۆی دەنگ و ئایدیۆلۆجیاکانی دیکەدا هەیە. ڕێ بە هیچ کامیان نادات خۆیان دەرخەن، هەمووان دەبێ لەبن دەستی ئەودا کار بکەن. پێوەندیی نێوان ڕۆماننووس و دەقەکەی لەسەر یەک جیهانبینی بەندە. هەموو دەنگ و ئایدیۆلۆجیا دژەکانی خۆی کپ دەکات.

بوونی ململانێی کۆمەڵایەتی بە بڕوای باختین، نیشانەی بارگاویبوونی زمانە بە ئایدیۆلۆجیا، چونکە ڕۆمان لە بنەڕەتدا فرەشێوازە و تێکەڵەیەکە لە سیستەمێک لە دەلالەتەکان. "هەموو کارەکتەرێک لە ڕۆماندا دەنگ و زمان و ئایدیۆلۆجیی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەرئەوەشە ڕۆمان پێویستی بە واقیع نییە، چونکە واقیع لەسەر ئاستی زمانیدا هەیە" (5).

لێرەوەیە باختین چوارچێوەی دیالۆگی بۆ ڕۆمان دانا، چونکە هەر ئایدیۆلۆجیایەک لە گۆشەیەکی ڕۆمانەکەدا هەبێت، بەرانبەری ئایدیۆلۆجیایەکی دیکە هەیە. بەمەیش دەنگەکان، گوتارە فرەکان بەریەک دەکەون، لێرەدا هێزی چینایەتی هەریەک لەوانە دەردەکەوێت. دیالۆگ لەنێوان ئەو جۆرە هۆشیارییەی تاکەکان دروست دەبێت، بەتایبەت لەنێوان دەنگە دژەکان، هەریەکەیان هەوڵی سەلماندنی خۆی دەدات، بەبێ ئەوەی هیچیان هەوڵی سڕینەوەی ئەوی دیکەیان بدات، لێرەدا بەرەی ئایدیۆلۆجیاکان دروست دەبێت. دیالۆگی (باختین)ی دیالۆگی بیرەکانە، بە کۆمەکی وشە ئایدیۆلۆجییەکان. ئەمەیش تەنێ لە ڕۆمانە فرەدەنگەکانی وەکوو ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکیدا نییە، بەڵکوو لە ڕۆمانە تاکدەنگەکانی وەکوو ڕۆمانەکانی (تۆڵستۆی)یشدا هەن، چونکە ئەم تاکدەنگییە ناتوانێ دیالۆگی ناوەوە، یان دەروون ڕەت بکاتەوە. کەواتە ئایدیۆلۆجیاکان وەکوو ڕەگەزی جوانیناسی خۆیان دەخزێننە ناو ڕۆمانەوە، وەکوو کەرەسەیەکی دارشتنی لایەنی هونەریی ڕۆمان، ڕۆماننووس پەنای وەبەر دەبات. لەگەڵ بۆچوونەکانی باختین توێژینەوەی ڕۆمان چووە ئاستێکی دیکە، دەرگا بۆ زۆر لایەنی دیکەی ڕۆمان کرایەوە. چیدی ئایدیۆلۆجیا ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی لەناو ڕۆماندا نەما کە تەواوی ڕەگەز و توخمەکانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵکوو ئایدیۆلۆجیا بووە کەرەسەیەکی هونەری بۆ لایەنی هونەریی دەقی ڕۆمان.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

1. احمد انور، النظرية والمنهج في العلم الاجتماع، كليةالتربية، جامعة عين الشمس، مصر، ص6.
2. ميخائيل باختين، الكلمة في الرواية، ترجمة: يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، دمشق،1988، ص113.
3. ميخائيل باختين، الماركسية و فلسفةاللغة، ت: محمدبكري و يمني العيد، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، ص30-29.
4. حەمە مەنتک، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا،بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2013، ل26.
5. حميد لحمداني، النقد الروائي والايديولوجيا، المركزالثقافي العربي، دار البيضاء، بيروت، 1990، ص33.

# پاڵەوانەکەم جۆرج ئۆرویل




■ مارگرێت ئاتوود
لەئینگلیزییەوە: نەبەز سەمەد

من لەگەڵ جۆرج ئۆرویلدا گەورەبووم. ساڵی 1939 هاتمە ژیانەوە، مەزرای ئاژەڵان لە ساڵی 1945دا بڵاوبووەوە. من لە تەمەنی 9 ساڵیدا خوێندمەوە. لە دەوری خانووەکەدا کەوتبوو، منیش بە هەڵە وامزانی کتێبێکە لەبارەی ئاژەڵان. من هیچم نەدەزانی لەبارەی ئەو چەشنە سیاسەتەی لە کتێبەکەدا هەیە_ ڤێرژنی منداڵانەی سیاسەت دوای جەنگ تەنیا ئەو بیرۆکە سادەیەمان هەبوو: هیتلەر خراپ بوو، بەڵام مرد. گەر بڵێم ئەو کتێبە منی ترساند ڕەنگە بە تەواوی مەبەستەکەم نەگەیەنم. چارەنووسی مەزرای ئاژەڵان زۆر خراپ و ناخۆش بوو، بەرازەکان زۆر توند، ناڕاستگۆ و ترسناک بوون، مەڕەکان زۆر گەمژە بوون. منداڵان زۆر هەستیارن بەرانبەر بە بێدادی، ئەوە ئەو شتە بوو کە منی زۆر غەمگین دەکرد: بەرازەکان زۆر بێداد بوون.

سەرجەم ئەزموونەکە بە قووڵی بێزارکەر بوو، بەڵام من بۆ هەمیشە سوپاسگوزاری ئۆرویلم بۆ بێدارکردنەوەم لە سەرەتاوە لە مەترسیی ئاڵای دیکتاتۆرەکان کە من لەوساوە هەوڵ دەدەم چاودێرییان بکەم...

مەزرای ئاژەڵان یەکێکە لە باشترین ئیمپراتۆرەکانی کتێبی سەدەی بیستەم کە ئۆرویلی ڕووبەڕووی کێشە کردەوە. کاتێک خەڵک لە بەرانبەر دانایی باوی ئێستادا کاردانەوە دەنوێنن، بەڕوونی دیارە، وەک باعەی مەڕە تووڕەکانە. بێگومان لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بە هیچ شێوەیەک، بەئاگاییەوە بە تەواوی لەوە تێنەدەگەیشتم، بەڵام ئێمە شێوەی چیرۆکەکان پێش واتاکانیان فێربووین، مەزرای ئاژەڵان شێوەیەکی زۆر ڕوونی هەیە.

پاشان کتێبی 1984 لە ساڵی 1949دا بڵاوکرایەوە و من دوای دوو ساڵ خوێندمەوە، کاتێک لە قوتابخانەی ئامادەیی بووم. پاشان دووبارە خوێندمەوە و دیسان خوێندمەوە. ئەم کتێبە وەک کتێبێکی زۆر ریالیستیک (واقعی) کاریگەریی لەسەر دانام، ئاخر ڕەنگە وینستن سمیس زۆر لە من بچێ، کەسێکی لاواز کە زۆر ماندوو بووە و ناچاری پەروەردەی فیزیکی کراوە لەسایەی دۆخێکی زۆر نالەباردا، ئەمەش (ئەدگاری قوتابخانەکەم)بوو. هەروەها کەسێکی بێدەنگ لە بەرانبەر ئیدێیەکان و ڕەفتاری ژیان کە بۆ ئەو دانرابوون. (ئەوە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان بێ کە کتێبی هەزار و نۆسەد و هەشتا و چوار باشترین کتێبە لە تەمەنی گەنجیدا بخوێنرێتەوە، زۆر لە گەنجەکان ئەو هەستەیان هەیە). من بە تایبەت لەگەڵ حەزی نووسینی هزرینە قەدەغەکراوەکانی ئۆرویل خۆی هاوسۆزم لە کتێبێکی نهێنیدا. من تاکو ئێستاش دەستم بە نووسین نەکردووە، بەڵام دەتوانم شتە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو ببینم. هەروەها دەتوانم مەترسییەکان ببینم، چونکە ئەوە ئەو خێرا و بێپەروا نووسینەیەتی لەتەک سێکسی ناشەرعی کە یەکێکی دیکە بوو لە توخمە سەرنجڕاکێشەکان بۆ هەرزەکارانی ساڵانی پەنجاکان کە وینستنیان دەخستە نێو ئەو چەپەڵییەوە.

دواتر لە داهاتوودا جۆرج ئۆرویل بوو بە مۆدێلێکی ڕاستەوخۆی ژیانم، لە 1984ی ڕاستەقینەدا کە من دەستم کرد بە نووسینی شتێکی جودا: دیستۆپیا (ئیدێی کۆمەڵگەیەک کە خەڵکەکەی بە باشی ئیش ناکەن و هاوکاریی یەکدی ناکەن، سەرئەنجام نابەختەوەرن. ن. س)، چیرۆکی خزمەتکارە کچەکە. لەو کاتەدا من تەمەنم 44 ساڵان بوو، لەبارەی دیسپۆتیزم و ستەمکاریی ڕاستەقینەوە تەواو فێرببووم، ئێستا پێویستم بەوە نەبوو تەنیا پشت بە ئۆرویل ببەستم. زۆرینەی دیستۆپیاکان _ ئەوەی ئۆرویلیش_ لەلایەن پیاوانەوە نووسرابوون و لە ڕوانگەی پیاوەوە شرۆڤەکرابوون. کاتێک ژن لەنێو دیستۆپیاکاندا دیاردەهێنرێ، یان وەک مەکینەیەکی بێ سێکسن یان یاخین و ڕێسا سێکسییەکانی ڕژێم ڕەتدەکەنەوە. من هەوڵم دا دیستۆپیا، جیهان وەک ئەوەی هەیە بۆ جولیا، لە ڕوانگەی ژنانەوە بناغە بڕێژم.

سەرچاوە: The Gurdian

شێوەکار ئاودێر عوسمان:

# ڕەنگی ڕەشی نەوت زۆر نزیکە لە ڕەشێتی ژیانی ئێمەوە

ئاودێر عوسمان، ساڵی 1983 لەدایک بووە، ساڵی 2006 بەشی شێوەکاریی کۆلێژی هونەری لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی 2016 ماستەری لە هونەری "جەنگ و مۆنومێنت" لە کۆلێژی هونەر لە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە. ماوەی 10 ساڵە لەو بوارەدا کاردەکات و چەندین پرۆژەی بە ئەنجام گەیاندووە بۆ ئەو ناوچانەی جینۆسایدکراون و یادەوەریی جەنگ بووەتە بەشێك لە ژیانیان. ساڵی 2012 لە ئۆلۆمپیادی ئارت وەك نوێنەری هەرێمی کوردستان لە نۆتنگهام/ بەریتانیا بە هونەری کارەسات بەشداریی کردووە. ساڵی 2013 لە پرۆژەی هونەریی ژینگە و کارەسات لەگەڵ سەنتەری گۆتە بە شێوەی چاپی سکرین لە ئەڵمانیا بەشداریی کردووە. بەشداریی 75 پێشانگای کردووە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات. ئێستاش کتێبێکی بە زمانی فارسی ئامادەی چاپە لە بواری جەنگ و هونەری شێوەکاری.

■ هەڤپەیڤین: هەورین نەجات

ئەدەب و کولتوور: دەستپێکی کاری هونەریت بە شێوەیەکی ئەکادیمی بوو، دەتوانیت کەمێک لەسەر ئەو سنوورانەی ناو ئەکادیمیا بدوێیت؟

ئاودێر عوسمان: ئەکادیمیا ڕێپیشاندەرە تا لایەنە زانستی و مێژووییەکانی هونەر فێربیت ، لە دوای ئەوە خودی خۆت گرنگە چی دەکەیت و چی دەهێنیتە بوون وەک فۆرم و ئایدیا !

ئەدەب و کولتوور: هەندێک لە هونەرمەندانی شێوەکار لایان وایە کە هونەر فریادڕەسی ئەوانە. بۆیە لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا یادەوەریی جەنگەکان لەناو تابلۆ و کارەکانی تۆدا چ فریادڕەسێکە؟



ئاودێر عوسمان: هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە فریادڕەسی دەروونی هەر تاکێکە لە کۆمەڵگە، ئێمە کە پەنای بۆ نابەین وەک کۆمەڵگەی کوردی، زەرەرمان کردووە و بەڕوونی ئەم زەرەرەش دەبینین! وەڵامی ئەم پرسیارە ڕێژەییە، چونکە هونەرمەندان دیدگای جیاوازیان هەیە بۆ ژیان و بەیانکردنی ناخیان! من بۆخۆم زۆر کات واقعیەتی زبری ژیان بە زمانێکی هاوچەرخ دەکێشم و لەناو دنیای خەیاڵمدا بەشێک لە یادگارییەکانی منداڵیم دەکێشم، هەروەک هونەرمەند ئانیش کاپوور زۆر کات لە دەربڕینی خەیاڵیدا پشت دەبەستێت بەو جیهانی منداڵیەی کە لەسەر زەمینی لەدایکبوونی کە هیندستانە، بنیادی ناوە، بەڵام بە زمانێکی هاوچەخانە دەریدەبڕێت. یان هونەرمەندان جان هوان و ئای وی وی بۆ بەیانکردنی ناخی خۆیان و بیرۆکەی کارەکانیان زیاتر پشت بەو دەرد و میحنەتەی خەڵک دەبەستن کە ڕۆژانە لەناو واقیعی ژیانیان بەسەر خەڵکی چیندا دێت.

ئەدەب و کولتوور: هەندێک لە هونەرمەندانی کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هونەری بیانی و دەگوترێ ڕەسەنایەتی کوردیان ون کردووە. ڕەسەنایەتی لە هونەری شێوەکاریدا تا چەند گرینگە، یان ڕەسەنایەتی شێوەکاریی کوردی چییە؟

## هونەر فریادڕەسی دەروونی هەر تاکێکە

ئاودێر عوسمان: ڕەسەنایەتی لای من ئەو ڕووداوانەن کە لەنێو کۆمەڵگە ڕوودەدەن و پاشان لەنێو بەرهەمی هونەری ڕەنگ دەدەنەوە.

من وەک خۆم زۆر ئیشم لەسەر ئەو بابەتە کردووە، بە تایبەت مەتریاڵی تابلۆکان، بە نموونە مەتریاڵ بۆ من زۆر کات هاوکارێکە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانم ، بۆیە زۆر کات بە دوای مەتریاڵدا دەگەڕێم لە شوێنی ژیانمدا و زۆر کات ئەو مەتریاڵانە دەبنە مایەی پرسیار بۆ من ، بۆیە حەلکردنی ئەو پرسیارە تەنها بە هونەر دەکرێت ! بە نموونە نەوت یان قیر یان بەرد . هەموو ئەم مەتریاڵانە لە ژینگەی ئێمەدا زۆرن و هەریەک لەمانە لای من چیرۆکێکی هەیە، بە نموونە بەرد لە مێژووی ئارکیۆلۆژیای ناوچەی لەدایکبوونم کە بەشێکە لە شارستانیی میزۆپۆتامیا، بۆ معماری بەکاردە هێنن یان کاتێک ژنان دەچنە سەر قەبری شێخ و مەشایخ بەرد ئەلکێنن بە دیواری قەبری شێخەکەوە تا نیازیان قەبوڵ بێت یان لە ئاینی کاکەییدا بەردی جوان کۆدەکەنەوە و دەیبەنە سەر قەبری پیاوە ئاینییەکانیان و ... نەوت پرسیارێکی گەورە و مۆتەکەیە کە بۆ خەڵکی عێراق هەمیشە بەدبەختیی هێناوە و هەمیشە ژیانی ئێمەی خستووەتە ژێر پرسیار و ڕوو بە جەنگ و ناخۆشی و جینۆسایدی بردووین، بۆیە ڕەنگی ڕەشی نەوت زۆر نزیکە لە ڕەشێتی ژیانی ئێمەوە .

ئەدەب و کولتوور: میلەر دەڵێت: " تابلۆ لای هەزارەها کەسی جیاواز بە هەزارەها مانای جیاواز دەدوێت". ئەوەی بۆ ئێمە جێی پرسیارە: ئایا کۆدەکانی ئیشی تۆ چین؟

ئاودێر عوسمان: لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا ماناکان فراوانتر دەبن و هەر تاکێک دەتوانێ گوزارشتی خۆی بکات، بۆیە ئەوە بینەرە دەگەڕێت لەدوای کەشفکردن. خاوەن بەرهەم تەنها کلیل دەداتە دەست بینەر، بە گشتی ئیشەکانی من لەسەر ڕووداوەکانی نێو عێراقە!

ئەدەب و کولتوور: هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا تاچەند توانیویەتی خۆی لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا بدۆزێتەوە؟ بەمانایەکی دیکە ئەم هونەرە تا چەند پەیوەندی بە چەمکی ڕۆشنبیری خودییەوە هەیە ؟

## فەزای هونەری لە کوردستان پێویستی بە ڕێنیسانسە

ئاودێر عوسمان: هەوڵەکان هەمووی لەسەر ئاستی تاکە، بە نموونە هونەر لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی چەقبەستوودایە! هونەر لێرە تەنها وەک (ڤیترین) پیشان دەدرێ و تەواو، ڕێڕەوە جیهانی و هاوچەرخەکەی پەیدا نەکردووە! هونەرمەندان پێویستیان بە دامەزراوەیەکە کە خەونەکانیان و بیروبۆچوونەکانیان بگەیەنێتە دنیای دەرەوە. بەداخەوە من هاتوومەتەوە لە دوای تەواوبوونی خوێندنەکەم دەبینم تاکە گەلەرییەک کە بەردەوام بووە لە سلێمانیدا گەلەریی زاموایە کە نمایشی ساڵانەی بەرهەمی هونەرمەندان دەکات. بۆیە فەزای هونەری لە کوردستان پێویستی بە ڕێنیسانسی هزر و بیرە هەروەک چۆن کۆمەڵگا پێویستیەتی. بەداخیشەوە هونەر تەنیا کار نییە بەڵکە هزرو تێڕامانە!

ئەدەب و کولتوور: ئایا ڕۆشنبیریی خودی لەناو شێوەکارانی کورد بووەتە پێویستییەکی کارکردن؟

ئاودێر عوسمان: نە خێر! ئەڵبەتە قسە زۆر هەڵدەگرێت.

ئەدەب و کولتوور: کار و پرۆژەی داهاتووتان چییە؟

ئاودێر عوسمان: کتێبێکم بە زمانی فارسی لەژێر چاپدایە لەبارەی جەنگ و کاریگەری لەسەر هونەری شێوەکاری، دوو پێشانگاشم لە ڕێدایە لە تاران و برۆکسل .

# ئێکسپرێشینزم

# لە هونەری شێوەکاری و موزیکدا..

■ ئێتنۆمیوزیکۆلۆجیست:
توانا حەمە

ئێکسپرێشینزم یەکێکە لە قوتابخانە هونەرییەکانی مۆدێرنە کە بەتێکشکاندنی فۆڕمەکان، بە پەیامی زێدەڕۆئامێز (مبالغە)، دیوی ڕاستی ناشرینی و ناپەسەندی بەیان دەکات. بناغەی ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ئەو بڕوایە بوو کە ئیدی پێویستە هونەرمەند هەستی ڕاستەقینەی خۆی بەیان بکات، ئەگەر جیهان ناشرین و نەفرەتیە، پێویستە بەشێوەیەکی بێڕتووش و بێ ڕووپۆشکردن گوزارشتی لێ بکات، نابێت خۆی بە بیروباوەڕ و فەرمایشتە کۆنەکانەوە ببەستێتەوە کە زیاتر کاریان ڕتووشکردن و پەنهانکردنی ناشرینییەکانی ژیانە.

ئەم بیرە لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە هەندێک لەو نووسراوانەی کە دەربارەی هونەر بینراون دەرکەوتووە، بەڵام زۆر بە زوویی پەلی بۆ هۆنراوە، ڕۆمان، شانۆ، سینەما و موزیک هاویشت و زیاتر پەرەی سەند.

پێشینەی شێوە شکێنی لە هونەری شێوەکاریدا بۆ هیرونیموس، ماتیاس گرونوالد Matthia Grünewald (سەدەی پانزەهەمم) و دمنیکوس توتوکوپولوس ئێلگرکو (El Greco) (سەدەی شانزەهەم) دەگەڕێتەوە. بەڵام (ڤان کوخ)ی شێوەکاری (پۆست – ئەمپرێشنیست) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە پێشڕەو (ئاڤانگارد)ی ڕێچکەشکێنی و فۆرمشکێنی لە هونەری شێوەکاریدا دادەنرێت. ئەو بە هێڵە لەرزۆکەکان و ڕەنگی توند و زیادەڕۆی کارەکانی، وەک یەکێک لە پێشڕەوانی ئێکسپرێشینزم هەژمار دەکرێت. ئەو خۆی دەربارەی تابلۆی (بەردەمی قاوەخانە لە شەودا – Café Terrace at Night) نووسیبووی کە ئەم کارەی ئەو ( بەیانکردنی ئەو پەیامەیە، کە قاوەخانە لە شەودا چ شوێنێکە! چۆن دەتوانێت مرۆڤ لە نێوانێکدا بێت، بەرەو شێتی یان بەرەو تاوانکاری بەرێت.



تابلۆی (لە بەردەمی قاوەخانە لە شەودا– Café Terrace at Night)

دوابەدوای ئەو (ئیدوارد مونش)ی نەرویجی لە تابلۆی (هاوار– The Scream) لە 1893 دا بەشێوەیەکی ئاگاهانەی هونەری ئێکسپرێشینزمی بەرجەستە کردبوو. تابلۆی (هاوار) یەکێکە لە ژمارەیەک تابلۆی (مونش) بە ناونیشانی (چێوەنەقشی ژیان — Frieze of life The)، بابەتەکانی نێو ئەم کۆمەڵە تابلۆیە گوزارشتن لە چەپاندنی سێکسی، تەنهایی، لەخود بێگانەبوون و نەفرەتکردن لە ژیان.

بەشێوەیەکی گشتی لە ئەڵمانیادا دوو گرووپی جیاواز خۆیان بە سەردەستەی هونەری ئێکسپرێشینزمی دەناساند.



تابلۆی (هاوار– The Scream) لە 1893

گروپی یەکەم بە ناوی (پرد — die brücke ) کە لە ساڵی 1905 سەریان هەڵدا. ئەم گروپە خۆیان بە دوژمنی ریالیست و شێوازە کۆنەکان دەناساند و کارەکانی خۆشیان بە (پردی بەرەو هونەری ئایندە) ناودەبرد. کارەکانی ئەم گروپە بە شێوەکاری سادە، بە هێڵی زبر و ڕەنگی توند تایبەتمەند بوون و پێی دەناسرانەوە.

گروپی دووەم: بە سوارچاکی شین (die blau-er reiter) خۆیان ناساند و پێشڕەوانی ئەم گروپە ڤاسیلی کاندینسکی و فرانز مارک بوون. ئەوانیش بە بەکارهێنانی ڕەنگی شین لەکارەکانیاندا دەناسرانەوە. گەرچی سوارچاکانی شین بە زوویی کۆتاییان بە ڕەوتەکەیان هێنا، بەڵام کاندینسکی بەردەوامیی بە ڕەوتی (سوارچاکانی شین)دا، بەهۆی نزیکیی لە شۆنبێرگی موزیکدانەری ئەڵمانییەوە، کارەکانی ئەو لەسەر زۆرێک لە نۆت و بەرگی بڵاوکراوەکانی ئارنۆڵد شۆنبێرگ دەبینرێت.

دەتوانرێت بگوترێت: ئێکسپرێشینزم لە ئەنجامی ئەو نائومیدییە ڕۆحییەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە دنیای هونەردا هاتووەتە گۆڕێ، لەکاتێکدا کە کوشتار، بیماری، هەژاری و تەنهایی وێنەی دۆزەخیان لەسەر زەوی نەخشاندبوو. هەر کاریگەریی ئەم وێنانە بوو، لە کاری شێوەکاران، موزسیانان، هونەرمەندان و شاعیرانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە.

شیوازی ئێکسپرێشینزم لە موزیکی جیهانیدا دەتوانێت بگوترێت نیشانەکانی هەستکردن بە دەرکەوتنی ئێکسپرێشینزم زیاتر لەنێو دانراوە موزیکییەکانی سەردەمی ( نو- رۆمانتیک) دا دەبینرێت. بۆ نموونە زۆرێک لەو نیشانانە لە سیمفۆنییەکانی گۆستاف مالەر دەدۆزرێتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شونبێرگ بە (ئاڤانگارد)ی ئەم ڕەوتە دادەنرێت. گەرچی ئەو لە سەرەتادا وەک ژەنیاری ڤایۆلین سەرقاڵی کاری موزیک بوو، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: پاش هەشت ساڵ لە ژەنینی ئامێری ڤایۆلین بڕیارمدا ئیدی کاری موزیکدانان بکەم". ئەو بۆ یەکەمجار یەکەمین پەیامی ئێکسپرێشینزمی خۆی لە شاکاری شەوی نادیار (Verklärte Nacht ) دا بەرجەستە کرد.




( Verklärte Nacht)

شونبێرگ لەم کارەیدا فۆرمشکێنیی خۆی (بە نادیاری و ناڕۆشنی لە هارمۆنیدانان) بە گوزارشتی ئێکسپرێشینزمی خۆی ئاراستە کردبوو. ئەویش بە ڕەهابوون و دوورکەوتنەوە لە تۆنالیتەی کۆن، یان بە کودەتاکردن بەسەر هارمۆنیدانانە باوەکاندا، موزیکی پۆست تۆنال، ئەزموونی ئەتۆنال و سریالی لە دنیای موزیکدا چەسپاند.

باری ناهەموار، نەناسراو و ناهاوسەنگی دەروونی یەکێک لە سیماکانی شانۆی ئێکسپرێشینزمی بوو، هەر بۆیە هەمان شێواز و سیما لە کۆتا (ئۆپێرای شۆنبێرگ)دا دەبینرێت.

نامۆیی لە هارمۆنی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکان و ڕەگەزە سەرەکییەکانی موزیکی شۆنبێرگ، بەڵام شێواز لە گۆرانیگوتن لە شاکارەکانیدا زۆر نوێ بوو، بۆیە لە لەلایەن تیۆریزانە کۆنەکانەوە ڕەتدەکرایەوە.



ئارنۆڵد شونبێرگ

ئۆپێرای وتسیک 1917 - (wozzeck) شاکاری ئەلبان بیرگ (خوێندکاری شۆنبێرگ)ە، بە یەکێک لە دیارترین نموونەی ئۆپێرای ئێکسپرێشینزم دادەنرێت. ئەو بە هاوبەشیی نمایشنامەی وتسیک (1836 ) لە نووسینی کارڵ جۆرج بوخنر ئەم شاکارەی داناوە، کە باس لە چیرۆکێکی تراژیدی سەربازێک دەکات لەلایەن (ماری)ی هاوسەرییەوە پەیمانشکێنی لەگەڵ دەکرێت. بەمە نائومێد و نائارام دەبێت. ئەم کارە بە شێوازێکی ئێکسپرێشینزمی و زمانێکی توندوتیژی موزیک و نواندن، پەیوەندییە مرۆییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەخاتەڕوو.

هەروەها دوو ئۆپێرای ریچارد شتراوس (سالومە و ئەلکترا) بە نموونەی دیکەی ئۆپێرای ئێکسپرێشینزمی هەژمار دەکرێن. پاشان هەمان ئەم ژانر و شێوازە موزیکییە دێتە نێو بواری موزیکی فیلمی سینەمایی (بێ وشە، دەنگ)، بە نموونە (کابینەی دکتۆر کالیگیری 1920) (The Cabinet of Dr. Caligari )، دەرهێنانی (رۆبەرت وینە) و موزیکی لە لایەن (پیتر شیرمان) دانراوە، بە یەکێک لە دیارترین موزیکی فیلم دادەنرێت کە بە شێوازی ئێکسپرێشینزمی نووسراوە. بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندانی ئێکسپرێشینزمی کاریان ئەوە بوو، بە گفتوگۆکردن بە زمان و ئاکتی هونەری، بەدبەختییەکانی ژیانی مۆدێرنە بخەنەڕوو. بەرجەستەکردنی ئەو نائومێدی و ناهەمواریانەی کە لە ئەنجامی جەنگ و ماڵوێرانی و لایەنە نەرێنییەکانی مۆدێرنە هاتبوونە بوون، هەموو ئەمانە ناسنامە (Identity)ی قوتابخانەی ئێکسپرێشینزمی و ئەو ڕۆژگارە بوون .

**بروانە:**

1- ێنارسون، تاریخ هنرمدرن ) نقاشی و پیکرە سازی ومعماری درقرن بیستم) م.مصگفی اسلامیە، چاپ اول موسسە انتشارات اگاە 1375ا

2- احمدی بابک، موسیقی شناسی فرهنگ تحلیلی مفاهیم، چاپ: اول، نشر مرکز، تهران، 1389، 412.

# رۆژێکی پاییزی






■ شیعری: ریلکە

■ وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار قاسم


کاتی هاتووە، ئەی پەروەردگار!
هاوینێکی خۆشمان بەسەر برد
ئێستاش سێبەری خۆت بەسەر کاتژمێرە هەتاوییەکاندا بدە
لێگەڕێ بایەکان بە ئازادی بەسەر مێرگەکاندا تێپەڕن.
فەرمان بە دوایین میوەی درەختەکان بدە پێبگەن
تەنیا دوو رۆژی دی لە گەرمایی باشووریان بدەرێ
هانیان بدە پێبگەن
دوایین شیرینیشیان بتکێنە ناو شەڕابە خەستەکانەوە
ئەوەی ئێستا هیچ خانوویەکی نەبێت
هەرگیز خانوویەک دروست ناکات
ئەوەی ئێستا تەنیایە،
بۆ ماوەیەکی درێژ بەتەنیا و بێدار دەمێنێتەوە
دەخوێنێتەوە، نامەی درێژ دەنووسێت و
بەبێ ئۆقرە و وێڵ
لە شەقامە پڕ درەختەکاندا
ئەمسەر و ئەوسەر دەکات،
کاتێک (با) گەڵاکان بێرە و بەوێدا رادەژێنێ





## پاییز

گەڵاکان دەکەونەخوار، وەک ئەوەی لە بەرزاییەکی دوورەوە وەریبن
وەک ئەوەی باخی ئاسمانە دوورە دەستەکان وشک هەڵهاتبێ
گەڵاکان دەکەونە خوار و بە دەم کەوتنیانەوە شێوەیان لەوە دەچێت
بڵێن "نا".
لە شەویشدا زەویی بە قورسایی خۆیەوە
لەناو هەموو ئەستێرەکانەوە بەردەبێتەوە ناو تەنیاییەوە.
ئێمەش دەکەوین. ئەم دەستەیان خەریکە دەکەوێت
ئینجا سەیری ئەوەی دیکەیان بکە؛ ئەم کەوتنە لە هەموویاندایە.
بەڵام یەکێک هەیە کە لە ناسکیی بێسنووری دەستەکانیدا
ئەم کەوتنە هەڵدەگرێتەوە.

## دوایین پارچە

مەرگ مەزنە
لە قاقای پێکەنینیشدا
بە تەواو لە دەستەکانی ئەوداین،
کاتێکێش هەست بە قووڵایی ژیان دەکەین
ئەو بوێرانە
لە قووڵایی دڵماندا دەگری.





## شاعیر

ئەی کاژێر
تۆش وا خەریکە خۆتم لێ دوور دەگریت
شەقەی باڵت شین و مۆرم دەکاتەوە.
تەنیام: چی لە دەمم بکەم؟ چی لە شەو و لە رۆژەکەم بکەم؟
هیچ ئازیزێک، هیچ خانوویەک و هیچ شوێنێکم نییە بۆ چەشتنی ژیان
هەموو ئەو شتانەی خۆمیان پێدەبەخشم
لە من دەخۆن و رەونەقیان تێدەکەوێت
سروشت زیندووەرەکان رادەستی
سەرکێشیی ئارەزوویەکی سست دەکات و
نە لە خاک و نە لەسەر چڵی درەختەکان
پەناگەیەکی تایبەت بە هیچیان نابەخشێت

ئێمەش لای قووڵایی بوونمان ئازیزتر نین
ئەو دەمانخاتە ناو سەرکێشییەوە
هەر ئەوەندە نەبێت ئێمە زیاتر لە گیا و گیانلەبەران
لەگەڵ سەرکێشیدا دەڕۆین و
دەیخوازین،
هەندێکجار تەنانەت زیاتر لەو سەرکێشییەی ژیان بە یەک هەناسە پێماندەکات
سەرکێشی دەکەین (ئەمەش نەک لەبەر بەرژەوەندی خۆمان).
سەرکێشتر بە...
[چونکە] سەرکێشی، لەدەرەوەی هەموو قەڵغانێک، پەنایەکمان بۆ دروست دەکات
پەنایەک لەو شوێنەی هێزە بێگەردەکان پەلکێشمان دەکەن
ئەوەی دواجار رزگارمان دەکات بێ قەڵغانیمانە
ئەوەی دواجار رزگارمان دەکات ئەوەیە بەدەم روانین لە هەڕەشەکانی بێ قەڵغانییەوە
بێ قەڵغانییەکە بکەین بە کرانەوە
بۆ ئەوەی لە شوێنێک لە بەرینترین مەودادا، لەو شوێنەی یاسا لەمسمان دەکات
بە "ئەرێ" وەڵامی یاساکە بدەینەوە.

## لەبارەی ریلکەوە:

"رێنێ کارڵ ویلهێلم یوهان جۆزێف ماریا ریلکە"، ناوسراو بە راینەر ماریا ریلکە، لە 4ی کانوونی یەکەمی 1875 لە پراگ لەدایک بووە و لە 29ی کانوونی دووەمی 1926 لە مۆنترۆ لە سویسرا کۆچی دوایی کرد. لای ریلکە شیعر گوزارشتکردنێکی رووت لە چالاکییەکانی خەیاڵ نەبووە، بەڵکو شیعر بواری گەشەکردنی بیرکردنەوە و فەلسەفەی شاعیر بووە. هەر بۆیەش ریلکە هونەر و شیعر بە بەهادارترین شتی ژیان دەزانێت.

هەر لە قۆناغی بەرایی شیعرنووسینیەوە توخمە و بنەما بنەڕەتییەکانی رۆمانتیسیزمی ئەڵمانی لە شیعر، کورتە چیرۆک و شانۆنامەکانیدا بەدیدەکرا، لەوانەش گەڕانەوە بۆ "هەرێمی روح"؛ ریلکە لە ساڵی 1897 لە نامەیەکدا بۆ کارڵ بارۆن دو پرێل دەنووسێت "جگە لە ئەفسوونی شتە ئەفسانەییەکان، هەرێمی روحانییەت هێزێکی گرنگە کە رامدەکێشێت". هەمان ساڵ ریلکە لە شاری ڤێنیس لەگەڵ لو ئاندریاس سالۆمێ (مەعشووقەکەی نیچە) و هاوژینەکەی ئاشنا دەبێت. مێژوونووسانی ئەدەب لەسەر ئەوە کۆکن کە ناسینی سالۆمێ کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ریلکە هەبووە.

ساڵی 1899، ریلکە یەکەم گەشتی خۆی کرد بۆ رووسیا کرد، کە دواتر بە "زێدی روحی"ی خۆی ناوی برد و لەوێش چاوی بە لیۆ تۆڵستۆی کەوت. لەو گەشتەدا سالۆمێ هاوسەفەری ریلکە بوو. گەشتی رووسیا ماتریاڵی نوێی شیعریی بە ریلکە بەخشی، بە جۆرێک رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەوەی ریلکە بتوانێ پەرە بە بیرکردنەوەی خۆی سەبارەت بە ماتریالیزمی وجوودی و هونەر وەک ئایین بدات. لە دوای گەڕانەوە لە رووسیا و لە ساڵی 1900، ریلکە دەستی بە نووسینی "کتێبی کاژێرەکان" کرد، کە سێ کتێب لەخۆدەگرێت: "ژیانی دەیر، حەج و لەمەڕ هەژاری و مەرگ". ئەم بەرهەمە کۆمەڵێک شیعری نزایی لە خۆدەگرێت کە تێیاندا شاعیر بە دوای خوادا دەگەڕێت. ئودۆ ماسۆن، لێکۆڵەری شیعرەکانی ریلکە، لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەڵێت "تێمی سەرەکی ئەو کتێبە بریتییە لە باسکردن لە ژیانی ناوەکی شاعیر و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە لوتکەی هونەر". ماسۆن هەروەها پێیوایە تێگەیشتن لەو دوو تێمە رۆڵی جەوهەری دەبینن بۆ ئەوەی لە بەرهەمەکانی دواتری ریلکە تێبگەین و بزانین بۆچی ژیانی ناوەکی، مەرگ، تەنیایی، پەیوەندییە مرۆڤەکان و ئەرکی شاعیر لە کۆمەڵگادا دەبن بە بابەتی سەرەکی بیرکردنەوەی شاعیرانەی ریلکە.

قۆناغی دواتری شیعری ریلکە لەگەڵ ناسینی ئاگۆست رۆدین، پەیکەرتاشی بەناوبانگی فەرەنسی دەست پێدەکات. ریلکە لە 1905 بۆ 1906 سکرتێری رۆدین بوو و کتێبێکیشی بە ناوی ئەوەوە هەیە. لەو قۆناغە بە دواوە ریلکە رووی لە جۆرێک شیعر کرد کە خۆی بە "شیعری شت" ناوی دەبرد. لەمجۆرە لە شیعردا، شاعیر پەنا بۆ وشەی سادە دەبات بۆ ئەوەی گوزارشت لە بابەتی ئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤ بکات. وەک ئێریش هێلەر لە کتێبی "گەشتی هونەرمەند بەرەو ناوەوە"دا باسی دەکات "شتبوونی ئەم شیعرانە رەنگدانەوەی هەماهەنگییەکی ناوەکی نییە کە تێیدا خودێک لەگەڵ شتەکانیدا دەژی، بەڵکو بە پێچەوانەی دەرخەری خودێکی شێواوە کە ئاوێتەی شتەکانی بووە... بەڵام ریلکە پێیوابووە ئەمجۆرە لە شیعریش ناتوانێ نهێنی شتە زیندووەکان بکاتەوە".

لەم قۆناغە دایە کە بیرکردنەوەی شاعیر بەرامبەر مرۆڤ، پەیوەندیی مرۆڤ و جیهان، پەیوەندی شیعر و ژیان، ئەرکی شاعیر و هۆکاری شیعر نووسین تووشی کێشە و گومانی قورس دەبێت، بە بۆچوونی رەخنەگران ئەمە بە روونی لە رۆمانی "یادداشتەکانی ماڵتێ لۆریدز بریگ"دا دەبینرێت؛ کە بە نیوەچڵی مایەوە. لە یەکێک لە نامەکانیدا ریلکە نووسیویەتی "پرسیاری سەرەکی لەم رۆمانەدا ئەوەیە کە ئایا مومکینە بژین، لە کاتێکدا دواجار ئێمە ناتوانین لە توخمەکانی ژیان تێبگەین؟" ئەم پرسیارە وایکرد ریلکە بۆ ماوەی چەند ساڵێک نەتوانێت هیچ بەرهەمێکی تەواوکراو بنووسێت. ویلیام رۆز، لێکۆڵەری شیعر، بۆچوونی وایە ریلکە لەم رۆمانەدا بە تەواوەتی خۆی داوەتە دەست ترسەکانی، بەمەش توانیویەتی خۆی لەو ترسانە رزگار بکات کە لە کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت. رۆز جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە "شاعیر نەیدەوێرا لە ساڵی 1912دا شیوەننامەی دوینۆ بنووسێت".

شیوەننامەکانی دوینۆ لە نزیک قەڵای دوینۆ لە وڵاتی ئیتاڵیا نووسراون و لە کۆمەڵێک قەسیدەی پەیوەندیدار بە یەکەوە پێکدێت. لەم بەرهەمەدا ئامێز بۆ هەموو دیوە تاریکەکەی کیان دەکاتەوە، کە لە یەکێک لە نامەکانیدا بە "مەرگ" یانیش "دیوە تاریکەکەی مانگ" وەسفی کردووە. ئەم بەرهەمە سەرەتا لە 11 قەسیدە پێکدەهات، بەڵام دواتر لە 10 قەسیدەدا پوختی کردنەوە. وێنەی زاڵ لەم قەسیدانەدا وێنەی "فریشتە"کانە. فریشتەکان "هێزێکی باڵای ژیان" دەنوێنن، کە هەم جوانن و هەمیش ترسێنەرن، لە هەمانکاتیشدا گوێیان لە مرۆڤ نییە. "فریشتەکان" و ژیانیان لەو کۆمەڵە شیعرەدا گوزارشت لە هەوڵی ریلکە دەکات بۆ ئەوەی ژیان و هونەر پێکەوە ببەستێتەوە. قەسیدەی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

ئەگەر هاوار بکەم/ کام یەک لە فریشتەکان گوێی لە هاوارم دەبێت؟/ تەنانەت ئەگەر یەکێکیشیان لە پڕ من بە سینەیەوە بگوشێت

لە ناو بوونی بەهێزیدا وێران دەبن/ جوانی هیچ نییە جە لە سەرەتای ترس/ ئەو ترسەی کە هێشتاش ئەستەمە بەرگەی بگرین

/ تووشی سامان دەکات/ کاتێک بە ئارامی/ بە گۆشەی چاوی لێمان دەڕوانێت/ بۆ ئەوەی وێرانمان بکات.

/ هەموو فریشتەیەک تۆقێنەرە!

هەمان ساڵ (واتە 1922) و لە دوای ئەم بەرهەمە، ریلکە کتێبی "کۆمەڵە قەسیدەیەک بۆ ئۆرفیۆس" بڵاو دەکاتەوە، کە بە "دەستەخوشکی" شێوەننامەکانی دوینۆ لە قەڵەم دەدرێن و زۆربەی رەخنەگرانی ئەدەبی لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم دوو بەرهەمە دەبێت بەیەکەوە بخوێنرێنەوە. ماوریس بۆرا، نووسەری کتێبی "میراتی سیمبۆلیزم" پێیوایە "کۆمەڵە قەسیدەیەک بۆ ئۆرفیۆس سرود و گۆرانی سەرکەوتنن"، ئەمەش بە پێچەوانەی شیوەننامەکە کە هێشتا شوێنەواری خەمۆکی و نیگەرانییەکی قووڵیان پێوە دیار بوو.

راینەر ماریا ریلکە شیعرەکانی بە دابڕاو لە یەکدی نابینێت؛ لە 1925 لە نامەیەک بۆ ڤیتۆلد ڤۆن هولویز بەم جۆرە باسی پەیوەندی ئەزموونە شیعرییەکانی خۆی کردووە:

"ئایا من ئەو کەسەم کە دەبێ سەبارەت بە شیوەننامەکان روونکردنەوەی گونجاو بدەم؟ ئەو بەرهەمە گەیشتووەتە شوێنێک کە من ئیدی دەستم پێی راناگات. لای من شیوەننامەکان روونبوونەوەی زیاتری ئەو گریمانانەن کە لە کتێبی کاژێرەکاندا خستبوومەڕوو، واتە هەمان ئەو بەرگریمانانەی لە کتێبی شیعری نوێدا یارییان بە وێنەیەکی دیاریکراوی جیهان دەکرد و لە کتێبی ماڵتێ دا، کە ململانێی ناوەکی تەنگی پێهەڵچنیبوو، جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە ناو چەقی ژیان".